# چوار هۆنراوە

ڕەفیق سابیر

1

## تابلۆ

لەسەر ڕوخساری تاریکی شێوەت دەبینم:

پڕبوونەوەی بۆشایی
بریسکانەوەی دڵۆپێک ڕووناکی
گوڵە گەنمێک کە ڕەنگی تریفەی گرتووە
ژیلەمۆیەکی خەواڵوو
ئەستێرەیەک کە دەبیندرێت و نابیندرێت.

لەسەر تاریکی شێوەت ڕەسم دەکەم.

2

## پەنجەرەیەک دەکەمەوە

پەنجەرەیەک بەسەر پەیڤەکاندا دەکەمەوە:
ڕوخسارم نوقمی تریفەیە
ئەڤین: خەڵوەتگا
قەرسیل: تەختی خەو

شەویش لە ناو دەستەکانمدا: سپێدەیە.
شەو شەپۆلێکە ڕووناکی هەڵگرتووە،
یان هەرێمی زایەڵەیە.

پەنجەرەیەک بەسەر ڕووناکیدا دەکەمەوە.

3

## داهێنان

لە کوێوە ئەم هەموو ڕووناکییەت هێناوە؟
کوا شەوەکانم ئەوەندە درەوشاوە بوون؟
کوا ئاسمانم ساماڵ
ڕۆژەکانم هێندە ڕووناک و
سووتانم بڵێسەدار بوو؟
کوا تەمەن شوێنەوارێکی لەدوا جێماوە؟

ئەم ڕووناکییەت چۆن داهێناوە؟

4

## ئازادی

بۆ ئازادیم دەگەڕێم و
دەستەکانم بە جەستەت بێدار دەبنەوە.

تۆ جەوهەری شتەکانیت،
فەزای خەون و خەڵوەتی گیان.
جەستەت گوڵووکی ڕووناکی گرتووە
دەستەکانت داهاتوویان وەک ئاوێنە
بەرامبەرم ڕاگرتووە.

ڕووناکیت قیبلەی ئەبەدیمە
"بەندبوونم لە تۆدا: ئازادیمە.